World Food Programme
Programme Alimentaire Mondial
Programa Mundial de Alimentos
برنامج الأغذية العالمي

SAVING LIVES
CHANGING LIVES

ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانی بەرنامەی خۆراکی جیهانی WFP

8 نیسانی 2021

فەرەنسا پاڵپشتی پرۆژە کشتوکاڵییەکانی بەرنامەی خۆراکی جیهانی دەکات بۆ بنیاتنانی توانای بەرگەگرتن و نەچەمانەوە لە باشووری عێراق دا

بەغداد: بەرنامەی خۆراکی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان (WFP) ، پێشوازیکرد لە کۆمەکێکی فەرەنسا بە بڕی 250000 یۆرۆ، بۆ چالاکییە کشتوکاڵییەکانی بنیاتنانی توانای بەرگەگرتن و نەچەمانەوە لە پارێزگای بەسرە ی باشووری عێراق دا، کە دەبێتە هۆی یارمەتیدانی 7500 کەس و خێزانەکانیشیان.

ئەمە یەکەمین هاوکاری فەرەنسایە بۆ کارەکانی بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە باشووری عێراق، بەمەبەستی بەهێزکردن وباشترکردنی پشت بە خۆبەستنی دوورمەوداو نارِاستەوخۆ، پاڵپشتی کردنی دەیان هەزار کەس لە کۆمەڵگە هەژارو لاوازەکان دا، کە ئاسایشی خۆراکییان نیە. ئەم دەستپێشخەرییانەش زۆر گرنگ و پێویستن بەتایبەتی لە کاتی پەتا جیهانییەکەدا.

هەروەها پرۆژەکە سەرمایەیەکی لە لایەن وەزارەتی فیدراڵی ئەڵمانی بۆ هاوکاری ئابووری و گەشەکردن (BMZ) هەوە، بۆ تەرخان کرا و بە هاوکاری شارەوانی بەسرە و کۆمەڵگە خۆجێیەکان و ڕێکخراوی نا حکومی هاوبەش (ئەکشن ئەگەینست هەنگە) جێبەجێکرا .

بەڕێز بروێنۆ ئۆبێر باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق رایگەیاند:

"عێراق بەشێوەیەکی تایبەتی کاریگەر بووە بە گۆڕانی کەش وهەوا، لە ڕێگەی ووشکەساڵی و سوێراوبوونی ئاوی ئاودێرییەوە، بە بەشی باشووری وواڵاتەکەشەوە. پێویستییەکی هەنووکەیی و بەپەلە و گرنگ هەیە بۆ کارکردن و کردار. لەم چوارچێوەو پاشخانەوە، فەرەنسا بە تووندی و بەهێزەوە پابەندە بە پشتگیریکردنی کەرتی کشتوکاڵی لە عێراق دا، لە ڕێگەی بەرنامەی خۆراکی جیهانییەوە. ناشتنی دارخورماکان، ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە دژایەتی کردنی بە بیابانبوون داو یارمەتی و پاڵپشتیکردنی داهاتی جووتیارە عێراقییەکانیش دەدات ".

زیاتر لە نیوەی بەشداربووان ئافرەتن و هەروەها پرۆژەکە دەرماڵە بۆ 50 کاری بازرگانی دابین دەکات بۆ ئافرەتانی ڕاهێنراو، بۆ یارمەتی دانیان لە کردنەوەی وردەکاری بازرگانیدا. لەنێویشیان دا، ڕێنماییکردن لە بەرهەمهێنانی خۆراك، بە بازاڕکردن و فرۆشتن لە بازاڕە خۆجێیەکان دا، بەهێزکردن و باشترکردنی پەیوەندییەکان و یارمەتیدان لە دروستکردنی داهاتە بەردەوامەکان دا.

بەڕێز عەبدورەحمان مەیگاك نوێنەری بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە عێراق ڕایگەیاند:

"بەرنامەی خۆراکی جیهانی پێشوازی لەم کۆمەکە بەخشندەو دڵفراوانەی فەرەنسا دەکات، کە یارمەتی دروست کردن و بەدیهێنانی هەڵی کاری نوێ دەدات و هەروەها دەبێتە هۆی سووکترکردنی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەش و هەوا لە سەر سەرچاوە سروشتییەکان. هاوبەشێتی بەهێزی WFP و فەرەنسا سەبارەت بە هاوکاریی و کۆمەککردن لە گەشەپێدان دا، کاریگەری ئەرێنی هەبووە لە سەر کۆمەڵگە خۆجێیەکان، باشترکردنی بەرهەمی کشوکاڵی و هەروەها بەردەستبوونی ئاو بۆ دانیشتوان وخەڵکی. بەشداربووەکان هەروەها دەتوانن کە وورده کاری بازرگانی و بەها زنجیرەییەکان بۆ ئەو خۆراکەی بەرهەمی دەهێنن بنیات بنێن، لە باشووری عێراق دا " .

تروٚمپا ئاوییەکان لە ئاودێری دا، کە بە تیشکی خۆر ئیش دەکەن، یەکێکی تر بوو لە چارەسەرە نوێیەکان کە لە پرۆژەکەدا ناسێنرا، لە گەڵ مەشقکردن و ڕاهێنانی بەشداربووان لە سەر زانستی کەش – کشتوکاڵی، کە ئاستێکی نزمی چالاکیی و ڕاهێنانە کرداریەکانی دەگرتەوە لە سەر، کاریگەرییکانی کەش و هەوا. لەم ڕێگەیەشەوە، دەستپێشخەرییەکان یارمەتی باشترکردنی بەردەوامیی بژێویان دەدا، لە ڕووی ژینگەیی و ئابووریییەوە.

# # # # #

بەرنامەی خۆراکی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان، براوەی خەلاتی نوبڵی 2020 ە. ئێمە گەورەترین ڕێکخراوی مرۆیی جیهانین، ژیان ڕزگار دەکەین لە دۆخە نەخوازراوەکان دا و یارمەتییە خۆراکییەکان بەکاردەهێنین بۆ بنیاتنانی ڕێگایەك بۆ ئاشتی، ئارامی و بەختەوەریی و بووژانەوەی خەڵکی لە پاش ململانێ، قەیرانەکان و کاریگەریی گۆڕانی کەش و ئاووهەوا.

لە تویتەر لە گەڵماندا بن @WFP_Iraq @wfp_mena @wfpgovts

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە ئیمەیڵ ئەدرەسی: **firstname.lastname@wfp.org**
شارۆن ڕاپۆس، WFP هەولێر، +9647809150962، sharon.rapose@wfp.org